## لە پەراوێزی ڕووداوەکەی ٢٠٠٦/٣/١٦ی هەڵەبجە

# شارێک بۆ دروشم و دەرونێک لە پەستی





**نامق هەورامی**

**namqhawramy@hootmail.com**


بە درێژایی ١٨ ساڵ تەنیا دروشمەکانن توانیویانە زۆر جار لەسەروی ئاستی خواستەکانی هەڵەبجەوە بن، هەڵەبجە شاری شەهیدانە، لانکەی مێژووە، دڵی دنیای هەژاند، ناسنامەی کوردە، هەموو کاڵایەکی جوان لایەق بە باڵای هەڵەبجەیە،... هتد ئەمانە و هەزاران دروشمی تر بۆ شارێک کە ئێستاش وێرانەی لە ئاوەدانی زیاترە ئەو قسانەن کە وردەوردە گومان و پەستییان لەلای خەڵکی شار دروستی کردووە کە هەموو ئەو پرۆژانەی لە ئاییندەدا دەکرێن بریتین لە پرۆژەیەک لە دروشم، ناکرێت بە خاوەنی ١٢شەهید بڵێیت هەموو کاڵایەکی جوان لایەق بەباڵای هەڵەبجەیە و ئەوی خاوەن ئەوەندە شەهید لە کەلاوەدا بژیت، چی بە کەسێک دەڵێیت لە بارەی لانکەی مێژووبوونی ئەو شارەوە کە ئەو لە حەسرەتی نەخۆشی منداڵ و لە ترسی مردنی هەر ساتێکیدا مێژووی خۆی و تەنانەت کەسایەتیی خۆشی لەدەست دابێت، چۆن باسی تاجی سەروەری و نەمریی شەهیدانی بۆ دەکەیت تا ئێستا ئەو قوربانییانەی لەو شارەدا تیاچوون لە هیچ لیستێکی شەهیداندا ناویان نییە و ئەوەی لەملاولەولاوە پێیان دەدرێت(کە ٥ ٪یان دەگرێتەوە لە نیوەی خێروبێردایە و خۆی لە خۆیدا ئەم هاوکارییەشکاندنی کەسایەتیی ئەوەی وەرگرە و فاکتەری کاڵبوونەوەیەتی لە ماناکانی سەروەری و شەهید لە کاتێکدا بەناوی شەهیدەوە زۆر شەهیدکوژ نووسراون.

ئەم هۆکارانە وایانکردووە کەسایەتی هەڵەبجەیی هەست بە نامۆبوون لە ئینتیما و تەنانەت لەخودی خۆشی بکات، ڕەنگە زۆر مەسەلەی تر هەبن قسەیان لەسەر بکەین، بەڵام چارەسەر لەهەمووی گرنگترە لێرەدا قسەی مامۆستایەکی زانکۆ بەنموونە و بە چارەسەر دەهێنمەوە ئەکرەم عەنەبی مامۆستای زانکۆیە و خەڵکی ئەو شارەیە لە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی درێژخایەندا بە زۆر ئاکام گەیشتووە کە گرنگترینیان هەوڵدانە بۆ چارەسەری ئەم گرەفتە و گێڕانەوەی متمانەیە بە خودی خۆت و تۆی خاوەن کارەسات، عەنەبی دەڵێت: کوشتنی ئەم عەقڵییەتە هەوڵێکی جدی دەوێت، هەوڵێک کە سەرەتا پەنجە لەسەر برینە قوڵەکان و گێلییەتی و دۆگمایەتی و دابنێین و بە جۆرئەتەوە بدوێین.

هەڵەبجە لە هزری هەمووماندا وێنەیەکی مەرگەساتی وای دروستکردووە کە بەزەیمان پێدا بێتەوە، دروست لەو پیاوە نەخۆشە دەچێت کەلەسەرە مەرگدایە و لەبری نەشتەرگەری فرمێسکی بۆ دەڕێژین.

ئێمە بە وێنەی هەڵەبجە هیچ سوودێک نە بەزیندووەکانی و نە بە مردووەکانی ناگەیەنین، پێویستە بێڕەحمانە ئەو پیاوە نەخۆشە بەرەو ژووری نەشتەرگەری بەرین، بەرلەوەی بمرێت ڕزگاری بکەین.

قسەکانی ئەکرەم لێرەدا تەواو بوون، گرنگ ئەوەیە پرۆژەی داهاتوومان چییە بۆ ڕێگرتن لە مەرگی ئەو هەموو هەڵەبجەییە، ئایا دەکرێت ڕووبارێک حەسرەت و وێرانی ڕێگا بکات و کەسێک ئاراستەکەی نەگۆڕێت؟ ئەوەش چانسێکی گەورەیە بۆ هەر یەکێک بیەوێت ئاراستەی ئەو شکست و نائارامی و دروشمە بگۆڕێت بۆ پرۆسەیەکی پراکتیکی، ئەمە نەخۆشییەکی سەختە، نەخۆشیی سەختیش پزیشکی کارامەی دەوێت!!